

# نوێی تەکنەلۆژیای گەیاندنی بێ تەل

ئامادەکردن و وەرگێڕانی:

**ئەمیر عومەر موسا**



شۆڕشی نوێی گەیاندن وایکردووە، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ئەوەندە خێرا بڕوات نەتوانین پشوو بدەین! هەر کە گوێت لە تەکنەلۆژیایەکی نوێ دەبێت و بەردەستی دەکەین، تەکنەلۆژیا هەنگاوێکی دیکە دەچێتە پێش و ئامێرێکی نوێتر دادەهێنێت.

تەکنەلۆژیای بێتەل یەکێکە لە تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە تا رادەیەک نوێیەکانی کە ئێستا مرۆڤایەتی سوودی لێ وەردەگرێت. کارکردنی بێ تەل دەوەستێتە سەر کۆمەڵێک لێشاوی ئەلیکترۆنی و کارەبایی کە دەردەچێت بەبێ بەکار هێنانی تەل هەر بۆیەش ناویان ناوە بێتەل چونکە بە بێ تەل کار دەکات. ئەم تەکنەلۆژیایە لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەکار دەهێنرێت لەزۆر بواری جیاوازدا وەکو سەربازی، ئابووری، خزمەتگوزاری، بازرگانی و پاراستنی ئارامی و ئاسایش. سیستەمی بێ تەل لەچەندان ئامێری پێشکەوتوو بەکاردەهێنرێت وەکو تەلەفۆن کەلەنێوان دوو ئامێری بێ تەلی وەرگرو نێرەر دەبێت، هەروەها لەبلوتوس و Bluetooth تیشکی ژێر سوور Infrared و ئینتەرنێت. لێرەدا ئێمەتیشک دەخەینەسەر بەکارهێنانی بێ تەل لەتۆڕی ئینتەرنێتدا.

ئەگەر چاوێک بخشێنینەوە بەمێژووی بەکارهێنانی بێ تەل ئەوە دەبینین کەوا بۆ زۆر بواری خزمەتگوزاری و لە بواری جەنگدا بەکارهاتووە بۆ نموونە لە سەرەتای دۆزینەوە و بڵاوبوونەوەی بۆ بواری سەربازی بەکارهاتووە واتە دەتوانین بڵێین ئەم تەکنەلۆژیایە لە بوارەکانی سەربازییەوە زیاتر پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیتووە پاشان گواستراوەتەوە بۆ بوارە مەدەنییەکان.

دەتوانین چاوەڕوانی داهاتوویەکی زۆر پڕشنگدار بکەین بۆ ئەم تەکنەلۆژیایە بەتایبەتیش لەبواری مرۆڤایەتیدا بۆ نموونە لەبوارەکانی کەشناسی و گەردوونناسی.

ئەم جۆرە گواستنەوەی داتایە بەدوو جۆر بەکاردێت :

١- بۆماوە نزیکەکان کە خۆی لە چەند سانتیمێک بۆ چەند سەد مەترێک دەبینێتەوە وەکو: ئامێرە گەڕۆکەکان (Mobile, GPS) نێرەرەکانی لەرەلەری کورت (3G,

(Short Frequency).

٢- بۆماوە دوورەکان وەکو: کە خۆی لەچەند سەدە مەترێک بۆ هەزاران کیلۆمەتر دەبینێتەوە وەکو: سیستەمی ئینتەرنێتی بێتەل، وێنەی نێردراوی مانگە دەستکردەکان (Satellite Imaging system).

لە سیستەمی رادیۆ بەهەمان شێوە لەرێگای نێرەری ناوەندی( وەکو دەزگای پەخشی رادیۆیەکان Radio Broadcasting stations) شەپۆلی رادیۆیی بلاو دەکاتەوە پاشان لەرێگای وەرگرەوە (رادیۆی کەسی) ئەم شەپۆلانە وەردەگیرێت و لەرێگای بەشە بچووکەکانی ناو ئامێری رادیۆیەکە دەگۆردرێت بۆ دەنگی بیستراو.وە لەنوێترین تاقیکردنەوەدا لەزانکۆی (یال) ی ئەمریکاییدا هەوڵدراوە کەوا لەرێگای شەپۆلەکانی بێ تەلەوە کارەبا بگوێزرێتەوە و سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە داگیرساندنی گلۆپێکی نیۆن و لەهەوڵی پەرەپێدانیدان.

ئێستا لەیەکەم هەنگاوی تەکنەلۆژیای تۆری ئینتەرنێتدا تۆری وای‌فای wi-fi بێتەل داین ، تا ئەو رادەی هێشتا لەزۆر شوێن نەهاتۆتەواری جێبەجێ کردن و هەندێک وایادەنێن لەسەرووی ((توانا))و((پێزانین))ی ئەواندایە.

تەکنەلۆژیای Bluetooth و تیشکی ژێر سوور بۆ گواستنەوەی زانیاری لەنێوان دەزگا بچووکەکان بەکاردێت ، بەلام ئێستا تەکنەلۆژیایەکی نوێ هاتۆتە ئاراوە ئەویش تەکنەلۆژیای (وای ماکس)ە کە زۆر کەس بەشۆرشێکی نوێی دادەنێت لەجیهانی گەیاندنی بێتەلدا ،لەتەک ئەویشدا تەکنیکاری (٨٠٢،١٦) دێت کەزۆر لەو نزیکەو لەدوا کایە ئینتەرنێتی خاوەن (کەژووی بەرین) دێت. ئەم تەکنەلۆژیا نوێیە جیاوازە لە خێرایی و بەجێهێنان، بەلام شارەزایانی ئەم بوارەتەکنەلۆژیای وای ماکس بە تەکنەلۆژیایەکی هەرە پێشکەوتوو دەزانن لە نێوان گشت تەکنەلۆژیاکانی بێتەلدا بۆ پەیوەندی ئینتەرنێت. ئەم تەکنیکەش لەلایەن (٧٠) کۆمپانیای جیهان پەرەی پێدراوە لە پێشەوەی هەموانیشەوە کۆمپانیای (Intel) و (Covad) .

تەکنەلۆژیای وای فای رووبەری ٣٠٠ یێ لە یەخشی ئینتەرنێت دەگرێتەوە بەلام تەکنەلۆژیای وای ماکس دەتوانێت رووبەرێکی بازنەیی کەنیوەتیرەکەی (٤٥) کیلۆمەتر دەبێت لەپەخشی ئینتەرنێتی بێ تەلدا بگرێتەوە،بەم شێوەیە وای ماکس چارەسەرێکی نموونەیی پێشکەوتووە بۆ گەیاندنی ئینتەرنێت بۆ شوێنە دوورەکان و داپۆشینی شارێک بەتەواوەتی، بەتایبەتی لە١خالّی پەخش کردن دەتوانێت داتا data بەخێرایی ٧٠میگابایت لەچرکەیەک بگوازێتەوەلەکاتێکدا خێرایی وای فای لە١١میگابایت لەچرکەیەک تێپەڕ ناکات.

ماوە بلێین هیواداریین ئەم تەکنەلۆژیایە بە زووترین کات بگاتە کوردستان بۆ ئەوەی کوردستانیش بێ بەش نەبێت لەم تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە بە تایبەتی لەجیهانی ئەمرۆی پێشکەوتن و داهێناندا.

سەرچاوە:

http://www.waymax.com

